

# پارێزەر: خالید مەجید فەرەج

## ماددەی (23) زیادە و پێویست ناکات ئاماژە بە هیچ ڕێژەیەك بدرێ"

تەوەری دەستوور /

بەشی کۆتایی  ئامادەکردنی: ئاسۆ عوسمان

**پ 1**: لە ماددەی (23) لە دەستوری هەرێمی کوردستاندا هاتووە لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستاندا عێراق و ئەنجومەنی خۆجێی و شارەوانییەکاندا ڕێژەیەك بۆ بەشداری ژنان تەرخان دەکرێت، بەمەرجێك لە25٪ی کورسییەکان کەمتر نەبێت، ئایا ئەم خاڵە پێچەوانەی خاڵی ژمارە ( 21) نییە لە هەمان دەستوردا کە مافی یەکسان دەبەخشێت بە هەردوو ڕەگەزەکە؟

**پ 2**: یەکێك لە ئیشکالییەتەکانی دەستوری هەرێم نووسینی ئەم دەستورەیە بە زمانی بێگانە، کە ئەمەش ڕووبەڕووی ڕەخنەی زۆر بۆتەوە لەلایەن ناوەندی سیاسی و ڕۆشنبیرییەوە. ئایا نەدەکرا ئەو ڕستەو زاراوانەی لەزمانی کوردیدا موراديفيان نییە بە ئینگلیزی یان عەرەبی لەنێوان کەوانەیەکدا بنووسرانایەتەوە؟ بۆوێنە هیچ نەتەوەیەك نییە لەدونیادا بە زمانی بێگانە دەستورەکەی بنووسێتەوە نە کۆسۆڤییەکان بە زمانی سربی و نە فەلەستینییەکان بە زمانی عیبری و نە لیتوانییەکان بە زمانی ڕوسی دەستوری خۆیان نەنووسیوەتەوە، ئیدی بۆچی دەبێت ئێمە دەستور بە زمانی عەرەبی بنووسینەوە؟ ئایا ئەمە بێتوانایی زمانی کوردی نیشاندەدات یان گرێدانەوەی کوردستانە بە نیشتمانی عەرەبییەوە؟

**پ 3: لە ڕەشنووسی دەستوردا چەندین ناوو ئاوەڵناو بەکارهێنراون ناوی هەرە سەرەکی ( کوردستان– عێراق )ە تەنیا ناوی کوردستان بەڕووتی بەکار نەهێنراوە. ئایا نەدەکرا کوردستانی باشور یان کوردستان بە تەنیا بۆ کوردستان بەکاربهێنرایە، تا ئەوەی عێراق بەردەوام نەبێتە پاشگری ناوی کوردستان؟ چون لە هیچ ناوچەیەکی جیهاندا ئەم ناوە لیکدراوارنە بەکارنەهێنراوە بۆنموونەلە ئێران ئوستانی کوردستان بەکار هاتووە نەك کوردستانی ئێران. ئایا بۆچی دەبێت بەردەوام پاشگری عێراق بەدوای ناوی باشوری کوردستانەوە بێت هۆکەی ڕەچاوکردنی دۆخە یان خۆ بە عێراقی زانین؟**

**پ 4**: هەموو فەرهەنگ و ئینسکلۆپیدیاکانی جیهان و تیۆرزان و باسکرانی پسپۆڕ لە بواری نەتەوە ناسیدا لە شۆڕشی فەرەنساوە (1789) هەتا هەنوکە لەسەر پێناسەی گشتی نەتەوە کۆکن کە نەتەوە بە کۆمەڵە خەڵکانێبك دەوترێ

خاوەنی زمان و مێژوو و خاك و کەلتورو ئاپینی هاوبەش بن. پرسیارێك لێرەدا دێتە پێشەوە کە لە یەکێك لە ماددەکانی دەستوردا هاتووە کە دەڵێت گەلی کوردستان پێکهاتووە لە کورد و نەتەوەکانی تورکمان و کلدان و ئاشورو ئەرمەن و عەرەب، پرسیارەکە بە دیاری کراوی ئەوەیە بەکارهینانی ئەو کەمە نەتەوانە بە نەتەوە کێشەیەکی سیاسی و یاسایی بۆ ئێستاو داهاتووی کوردستان ناخوڵقێنێت؟

**پ 5:** زۆرێك لەیاساناس و پسپۆڕانی بواری دەستور جەخت لەسەر ئەوە دەکەن سیمای سەرەکی ئەم دەستورە سیمایەکی ئیسلامییە بەوپێیەی لەماددەی حەوتدا ئاینی ئیسلام کراوەتە ستراکتۆری نووسینەوەی دەستور، وەلێ هەموو بنەماکان نییە بەڵام بنەمایەکی کاریگەرە لەداڕشتنی دەستوردا، پرسیارەکە لەوێوە دەست پێدەکات گەمارۆدانی دەستور بەبنەما ئاینییەکانی ئیسلام بەتاڵکردنەوەی خودی سکۆلاریزم نییە کە لەسەر جیاکردنەوەی دین و دەسەڵات ڕاوەستاوە؟ لەلایەکی تر ئەگەر شەریعەتی ئیسلام ڕۆڵی کارا لەنووسینەوەی دەستوردا بگێڕێ خۆی لەخۆیدا هەڕەشە نییە بۆسەر مافی ئەوانی تری غەیرە موسوڵمان؟ ئاخۆ دەستورێك کەئیسلام ئیحای خۆی پێدابێت چەند دەتوانێ مافی پەیڕەوکارانی ئاینەکانی ترو بێئاینەکان بپارێزێت؟

**پ 6:** سەرباری ئەوەی هەندێك کەموکورتیی جیدی لەڕەشنووسی دەستوردا بوونی هەیە بەڵام پراکتیزەکردنی ئەم دەستورە کارێکی پۆزەتیڤە بەنیسبەت هاوڵاتییانی کوردستانەوە، کاتی ئەوەیە بپرسین ئەم دەستورە دەتوانێت دابڕانێك دروست بکات لەنێوان دوو ماوەدا بەومانایەی قۆناغی پێش دەستور کەپڕیەتی لە پێشێلکاریی و قۆناغی دوای دەستور کە لێوانلێوە لە پابەند بەیاساو بڕگەو ماددەکانی دەستورەوە یاخود دەستور وەك تێکستێکی سواو و کارپێنەکراو دەمێنێتەوە و دەچێتە چوارچێوەی دیماگۆگییەتی دەسەڵاتی سیاسییەوە؟ بۆنمونە لەعێراقدا دەستور هەیەو دەنگیشی بۆدراوە بەڵام بچوکترین پەیڕەولێکردن نابینیت لەلایەن کۆی عێراقییەکانەوە.

---

**وەڵامی. پ 1:** بەڵێ بەڕای من نەدەبوو ڕێژەی 25٪ ئیشارەت پێبدرایە، چونکە کاتێك یاسادانەری دەستوری ( المشرع الدستوري) ئاماژە بە یەکسانیی ژن و پیاو دەکا، پابەندی هەرێمی کوردستان بە پرنسیپەکانی جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤەوە پیشان ئەدا. بەواتایەکی تر دەیەوێ لایەنی شارستانی دەستوری کوردستان دەربخا، بەوپێیە ژن و پیاو هەمان فرسەتیان دەبێ، ئەگەر بەشێوەیەکی میکانیکی پەتیی سەیری پرنسپی یەکسانی بکەین، دەبێ ئەندامانی هەر یەکێك لەو دامەزراوانە نیوە بەنیوە بن، بەڵام مەرجیش نییە هەموو کاتێك وابێ، ڕەنگە هەندێك جار پیاو زیاتر بن، یان ژن زیاتر بن، یان وەك یەك بن. ئەو ڕێژەیە تواناو ئامادەیی پیاو و ژن خۆیان دیاری دەکەن، گرنگ ئەوەیە دەستور هەلی تەوای بۆ هەردوو وەك یەك ڕەخساندووە، ئیتر باقیەکەی دەکەوێتە سەر توانای خۆیان، نەك بۆ ئەوەی ژنمان هەبێت لە پارلەماندا خۆمان بێین 25٪ی پارلەمان بەدامەزراندن دابنێنین، ئاخر ئەوەش دژ بەو میکانیزمەیە کە پرۆسە دیموکرسییەکە لەسەریەتی پەیڕەوی بکا، (کێبەرکێ) واتا کێ باشترە لەکێ، کێ دەڵێ ئەگەر بە توانای خۆیان بێن

ڕێژەیان لەوە زیاتر نابێ؟ یان بۆ کەمتر نەبن؟ باشە ئەگەر هاتوو هەڵبژاردن کراو ژنان کەم خۆیان کاندید کرد واتا 25٪ کەمتر بوون، یان ئەو ڕێژەیەیان لێدەرنەچوو؟ ئەوکاتە چی دەکەین باقیەکەی خۆمان تەواو دەکەین؟ بۆیە مادەی 23 زیادە و پێویست ناکات ئاماژە بە هیچ ڕێژەیەك بدرێ.

**وەڵامی. پ 2:** بەداخەوە یاساناسەکانی ئێمەی کورد بەحوکمی ئەوەی کورد دەوڵەتی نەبووە، واتا زمانی کارگێڕی و یاسایی نەبووە، چونکە هەموو بە عارەبی خوێندوومانە، بۆیە زمانی عارەبی بەڕادەیەك زاڵە بۆتە زمانی بیرکردنەوە. ئەوەش کەلێنێکی گەورەو ستراتیجییە کە تائێستا بەداخەوە پێموابێ لەبواری قانوندا، لە هەوڵەکەی مامۆستای ئازیزمان د. نوری تاڵەبانی زیاترمان نەبووە، چونکە ئەو لە سەرەتای نەوەدەکانا سەرگەرمی دانانی فەرهەنگێکی قانونیی بوو، واتا گۆڕینی وشە و دەستەواژە قانونییەکان بۆ زمانی کوردی. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرا، نوسخە ئەسڵییەکەی دەستوورەکە بەکوردی بنووسرابایە و دواتر تەرجەمەی ڕەسمیی بکرایە، بۆ زمانەکانی عارەبی، و ئینگلیزی و فەرەنسی، بەداخەوە ئێمەی کورد زۆر توانامان هەن، بێ ئەوەی سوودیان لێوەربگرین هەروا بەهەدەر دەچن، زۆر جار لیژنە بۆ هەر شتێك بێت کە پێك دەهێنرێت، ڕەنگە بیر لەوە نەکرێتەوە خەڵکانێکی شارەزا بانگهێشتی ناو ئەو لیژنەیە بکرێت، ئەوەش ئەوە دەگەیێنێ کە لای ئێمە زۆری ماوە کارەکانمان بە شێوەیەکی سیستماتیك بەڕێوەبەرین، بۆیە زۆربەی ئیشەکانمان دەیانجار پیایاندا دەچینەوە و هێشتا هەر هەڵەی تیا دەمێنێ.

**وەڵامی. پ 3:** لەبەر ئەوەی کودرستانی باشور لەشێوەی هەرێمێکی فیدرالیدایە، کە سەر بەدەوڵەتی فیدرالی عێراقە، لانیکەم تاوەکو ئێستا، بۆیە لە ڕووی قانونییەوە یان ڕاستتر دەستوریەوە، هێشتا بەشێکە لە وڵاتێك کە پێی دەڵێن عێراق، ڕاستە حکومەت و پارلەمان و دەزگای دادوەریو هێزی پیشمەرگەی محەلی خۆی هەیە، بەڵام لە حکومەت و پارلەمانی فیدرالیشدا کە لەبەغدا بەشدارە، بەواتایەکی تر دەوڵەتێکی سەربەخۆ نییە، تاوەکو ناوێکی دیاریکراوی خۆی هەبێ، و هیچی تری لە پاڵەوە نەوترێ، بۆیە بەڕای بەندە تاوەکو ئەو هەرێمە بەشێك بێت لە عێراق بەو شێوەیە دەگوترێت بەڵام دیارە هەموو شتێك کورت دەکرێتەوە ئاسان دەکرێت بۆ گوتن، من پێموایە ماوەیەکی زۆر نابا خۆمان و بێگانەش، هەر دەڵێین هەرێمی کوردستان و زۆر دەگمەن ئێراقەکەی لەپاڵەوە دەڵێین و ئەو دەستەواژەیەش لەناو جوغرافیای سیاسی نێو دەڵەتیدا وادەچەسپێ کەئەبێت بەناوێکی دیار (اسم علم) و کە گوترا هەرێمی کوردستان ئیتر هەموو دەزانن کە ئەو بەشەیە.

**وەڵامی. پ 4:** من حەز دەکەم ئەوە بەم شێوەیەی لای خوارەوە ڕوون بکەمەوە:

لەڕووی قانونییەوە گەل بە کۆمەڵە خەڵکێك دەوترێت کە لە هەرێمێکی دیاریکراودا دەژین و لەژێر حوکمی دەسەڵاتێکی سیاسیدان و مەرج نییە هاوچەشن بن (یەك نەتەوە بن) یان یەك ئاینیان هەبێت. لەبەر ئەوە لەڕووی یاساییەوە دەستەواژەی گەلی کوردستان گونجاوترە، چونکە ڕاستە زۆربەی دانیشتوانی کوردە بەڵام کەمایەتی تورکمان و عارەب و

کلدو ئاشوریشی تیایە. گرنگ نییە ئەوانە نەتەوە پێکدێنن یان نا، چونکە لەوحاڵەتەشدا کاریگەرییان نابێ بۆ سەر کوردستان، گرنگ ئەوەیە ناسنامەی ئەو هەرێمە کوردستانە بەحوکمی ئەوەی کە ناوی زۆربایەتیەکەی وەردەگرێت.
بەڵام نەتەوە بریتییە لە کۆمەڵە خەڵکێك کە لەسەر خاکێکی دیاری کراو جێگیر بوون و پشت بە بنەمای هاوبەش وەکو زمان و ڕەگەزو ئاین و هەتا دوایی دەبەستن و ئامانجی هاوبەشیان هەیە و مەرجیش نییە لەژێر حوکمی یەك دەسەڵاتی سیاسیدا بن یان یەك دەوڵەتیان هەبێ. بۆ نموونە نەتەوەی کورد لەسەر خاکی کوردستان دەژین بەڵام لەژێر حوکمی چوار تا پێنج دەسەڵاتی سیاسی جیاوازدا دەژین و دەوڵەتیشیان نییە.

**وەڵامی. پ 5:** شەریعەت ڕۆڵی لە نووسینەوەی دەستوردا نەبینیوە زۆربەی بنەماکانی دەستور ئەگەر نەڵێم هەمووی لەبنەماکانی قانونە نێودەوڵەتیەکانەوە وەرگیراون بۆ نموونە مافەکانی مرۆڤ، مافە مەدەنی و سیاسییەکان، دەستووری وڵاتە دیموکراسییەکان.
بە بڕوای من بوونی ئاینی ئیسلام وەکو یەکێك لە سەرچاوەکانی قانون، نەوەك سەرچاوەی سەرەکی، کە لە سعویە و ئێران و ئەفغانستانی تالیبان، و سوداندا هەیە وەکو کۆمپرمایزێك تەسویەیەك هاتووە، بۆ دڵ ڕاگرتنی هەموو هێزەکانی سەر ساحەی کوردستان، ئەگینا ئەگەر باس لە عەلمانییەت بێت، دەبێ ئاین لە دەوڵەت، واتا سیاسەت جیا بکرێتەوە، بەم شێوەیەش بێت، دەستوری کوردستان زۆر لە دەستورەکانی ئەو وڵاتانە پێشکەوتوترە، چونکە سەرچاوەی یاساکانی هەرێم زیاتر دانراو دەبن واتا کاری پارلەمان دەبن.

**وەڵامی. پ 6:** دەردی گەلانی پێشنەکەوتوو ئەوەیە کە ئێمە دەزانین دیموکراسیەت چییە کە (دەنگدان، ڕاپرسیی، پاوان نەکردنی دەسەڵات، فرەحیزبیی، بوونی دامەزراوە خۆبەخشە مەدەنییەکان)دەگرێتەوە، بەڵام خەڵکی دیموکراسیمان نییە. واتا ئەو ئیرادەیەمان نییە، ئەویش بە خوێندنەوەی کتێبێك و دوان دروست نابێ. بەڵکو پرۆسەیەکی بەردەوامە کە لە قۆناغی پێش سەرەتاییەوە دەستپێدەکات، سەرەتا چۆن منالێکی دووساڵ و نیو فێری ئیلتیزام دەکەین؟ دوات چۆن فێری ڕێزگرتن لە ڕای بەرانبەر و دوای چەند ساڵێك ماندووبوون ئەقلێکی نوێ دروست دەبێ، کە باوەڕی بە هەمەڕەنگی لە هەموو شتەکاندا دەبێت و بەو شێوەیە هیچ دەرفەتێك بۆ پێکدادان و توندوتیژی و سەپاندنی یەك بیروڕا نامێنێتەوە. ئێمە جارێ لە هەنگاوی یەکەمداین، بۆیە کەموکوڕیمان زۆرە، بەڕای من بوونی دەستورێك کە ڕێز لەمافی بیروڕا دەربڕین بگرێ، ئەگەر ئێستا هەر بەوشەش بێت، یان لانیکەمی ئازادییەکان بێت، هیچ نەبێ هوشیاری سیاسی و قانونیی بڵاودەکاتەوە، وا دەکا خەڵکان لە مافەکانی خۆیان بگەن، و دواتر بە هۆی دامەزراوە مەدەنییەکانەوە، فشار بخەنە سەر ئەو دەسەڵاتەی کە ئەو بنەما دەستورییانە پێشێل دەکا، بۆ ئەوەی بە ئاگابێتەوە.



## كامەران ئیسحاق پەری

## ” كلدان، ئاشور، سریان هەرسێكیان ئەكرێت لەژێرناوی مەسیحییەكانی كوردستاندا كۆبكەینەوە“

---

**وەڵامی. پ 1:** من پێشتریش لەوتاری (ژیان ڕەنگە ژن بێت) كە لەڕۆژنامەی ئاسۆدا بڵاوكراوەتەوە، ڕاشكاوانە ئاماژەم بەوە داوە كە دیاریكردنی ڕێژە بۆ بەشداریكردنی ژنان لەپرۆسەی دەسەڵاتدا خۆی لەخۆیدا سەندنەوەی مافە نەك پێدانی. من پێموایە ژنان نابێت بچنە ژێرباری هیچ ڕێژەوە ژمارەیەك بۆچوونە ناو بەشداریكردن لەپرۆسە سیاسییەكەدا بگرە دەبێت لەسۆنگەی باوەڕبوون بەتواناو ڕەهەندە ئەقڵانییەكانی ژن خۆی ئەو مافانە بەدەست بهێنێت. لەوەش زیاتر ئەمەوێت بڵێم كەهەتا ئەمڕۆ ڕێژەی بەشداریكردنی ژنان لەپەرلەمانەكانی جیهاندا تەنها لە17٪ پێكدەهێنێت. ئەمەی كە لێرەدا ئاماژەی پێدەدرێت ماف نییە منەتباركردنی ژنە، مافیش كە كەوتە ژێرباری منەتەوە لەخانەی ماف دەرئەچێت و ئەچیتە قاڵبی بەزەییەوە... من وای بۆئەچم كەئەم بڕگەیە ئەگەر بۆجوانكردنی ڕووكەش و نەخشاندنی (دیكۆرسازی) پەرلەمان نەهاتبێتەئاراوە. ئەوا پێدەچێت لاساییكردنێكی تری دەستوری هەمیشەی ئێراقی فیدراڵ بێت و ژن بۆتە تەوقێكو بە ملی سیاسییەكانمانەوە ئاڵاوە.

**وەڵامی. پ 2:** زمان ئەگەر ئامرازێك نەبێت بۆ لەیەك تێگەیشتن ولەیەك حاڵی بوون. ئەگەر نەبێتە هۆكارێك بۆنزیكبوونەوە... ئەوا نەبوونی باشترە، بەڵێ منیش لەگەڵ ئەوەدام كە دەبێت دەستور بەزمانێكی پاراوتر لەوەی كەئێستا هەیە بنووسرێتەوە، وەلێ كەنییە...هی ئەوەیە ئێمە خۆشمان هەتا ئێستا ئیشكالیەتی زمانی یەگرتوومان هەیەو تائێستاش نازانین كامە شێوەزمان بەزمانی ستاندارد بناسین. ئەو زمانەی كەدەستوری هەرێمی پێنووسراوە زمانێكی زۆر سادەیە زیاتر لەوتاری ڕۆژنامەیەك دەچێت نەك زمانی دەستور. زمانی دەستور زمانێكە پێیدەوترێت زمانی یاسا، كەلەڕاستیدا ئەم ڕەگەزە بەدەگمەن لەنووسینی دەستوردا بەدی دەكرێت. هۆكەشی هەژاریی و دەستكورتیی (جبەی وشەسازی دەستور نووسانە) نەك زمانی كوردی هەتا ناوماڵی خۆشمان ڕێكنەخەین بابەرد فڕێنەدەینە ماڵی خەڵكییەوە. كێ دەڵێت ئەم دەستورە ئامانج لێی ڕێكخستنی ژیانی تاكە لەچوارچێوەی یاساو تەشریعاتدا؟ ئەی بۆچی پرۆسەو كارتێكی سیاسی نەبێت. ڕاستەهیچ زمانێك لەدونیادا نییە سەربەخۆبێت... بەڵام زمانی دەستور دەبێت تایبەتمەندی و خاسیەتی خۆی بپارێزێت. كەبەداخەوە لەدەستوری هەرێمدا ئەو خسوسییەتەی لەدەستداوە یاخود ڕوونتر تیا بەدی ناكەین.

**وەڵامی. پ 3:** سەرەتا ئەمەوێت ئەوە ڕاستبکەمەوە کەدەستەواژەی کوردستانی باشور هیچ فەرقێکی لەگەڵ کوردستانی ئێراقدا نییە، ڕاستییەکەی ئەگەر مەبەست جێپێی جوگرافی بێت دەبێت بوترێت باشوری کوردستان. هەرئەمەشە واملێدەکات بڵێم ئەم ترسە ترسێکی گەورەیە، سەرچاوەکەی لەدۆڕاندنی متمانەو باوەڕ بەخۆبوونەوە سەریهەڵداوە... ئێمە بەو هەموو ئێراقچیەتییەی خۆمانەوە ئینجا لەڕاپۆرتێکی چارەنووسیی وەك ڕاپۆرتەکەی بێکەر و هاملتۆن. بەوشێوەیە پەروایزئەکرێین، جاخۆ ئێراقەکە لابدەین خوائەزانێت چیمان بەسەردەهێنن؟

خۆی من ئەمەوێت ئەوەبلێم کە کورد هەمیشەو دوابەدوای ڕزگارکردنی ئێراق سیاسەتی بەرگری کردنی لەجیات پێداگرتن گرتۆتەبەر، خۆ ئەگەر کەمێك لەوە بوێرتر بوایە ڕەنگە بەوشێوەیەش لەڕاپۆرتەکەی بێکەر هاملتۆن ناوی نەدەهاتایە. ئەبێت وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە تابگەینە ئەنجامێکی دروست. ئایا چوار پارچەی کوردستان دروشمێکی خەیاڵاوییە... یان هەقەتێکەو دەبێت کاری بۆبکرێت. ئەگەر چوارپارچەی کوردستان وەهمێك نییە هاوشێوەی (ئومەی عەرەبی)، بۆ کە دێتە سەرباری ڕاستیی هەموومان خۆمانی لێدەشارینەوە؟!

**وەڵامی. پ 4:** بەدڵنیاییەوە دەیخولقێنیت. من لێرەدا ئەمەوێت دووبارە ئاماژە بەوتارێکی ترم بدەم کەخۆی لەپرسیاری: (ئایا پێتوایە دەبێت مافی تورکمان و کلدو ئاشور لەدەستوری هەرێمدا زیادبکرێت؟) خۆی ئەبینییەوە، کە لەڕۆژنامەی ئاسۆدا بڵاوکراوەتەوە.. لێرەشەوە لەم سەکۆیەوە جارێکی تر هەوڵئەدەم ئەو بەهەڵەداچوونە لای خوێنەرو سیاسییەکانی کورد ڕاستبکەمەوەو بڵێم کلدان، ئاشورو سریان هەرسێکیان ئەکرێت لەژێر ناوی مەسیحییەکانی کوردستاندا کۆبکەینەوە، ئەمەش لەو گۆشەنیگایەی (ئەگەر مەسیحییەکان کورد نەبن خۆ کوردستانین)، بەڵام پێدەچێت کورد لەدانی ماف بەکەمایەتی ئاینی زیاتر لەپێشخۆیەکانی سەخی بێت. هەندێك جارئەم مافپێدانە هیچ بنەمایەکی لۆژیستی نییە، بەڵام لەبەر موجامەلاتی سیاسی پێماندراون، بەڵام هەق نییە لەدەستوری هەرێمدا بەو زەقییە مافیان پێبدرێت. ئیشکالەکە لەئیستاوە سەری هەڵداوە، ئەوەتانێ هەندێك لەمەسیحییەکان قۆڵیان لێهەڵماڵیوەو داوی حوکمی زاتیمان لێدەکەن وەك بڵێیت خۆمان زۆربەچنگ کەوتووە نۆرەی ئێوەشە. هەرچی لەبارەی تورکمانەکانە، ئەوا ناوی خۆیان بەخۆیانەوە نامەوێت قسەی لەسەر بکەم، باشتروایە پرسیار لەکەسێکی شارەزاتر بکرێت، ئەرمەنییەکانیش لەکوردستانی ئێراق بەپەنجەکانی دەست دەژمێرن و زیاتر لەبەغدادو موسڵ بەدی دەکرێن، ئەوەی کە سەیرە، ئێمە لەدەستوری هەرێمدا بەماددە بیر لەکەمایەتی ئەکەین هاوکات تەنها بەیەك ماددەش بیر لەکەرکوکی و ناوچە دابڕاوەکان ناکەینەوە و چارەنووسیشیانمان داوەتە دەست قەدەرێك پێیدەوترێت ماددەی 140.

**وەڵامی. پ 5:** لەڕاستیدا بمانەوێت یاخود ناخۆشیمان بێت یاخود ترشی ناسنامەی باوەڕی پتر لەسەدا85ی خەڵکی کوردستان موسوڵمانە... ئەمە لەلایەك لەلایەکی ترەوە ئێمە هەتا ئێستاش کێشەی جیاکردنەوەی ئاین لەدەسەڵات لەهزرماندا بەهەڵپەسێردراوی هێشتۆتەوە، تائیستا لەبازنەیەکی داخراودا دەخولێنیەوەو نامانەوێت بەمزووانە لێی دەربچین، گەرەکمان نییە شۆڕشێك بەسەر تێگەیشتن و تێفکرینە کۆن و بەسەرچووەکانماندا بەرپا بکەین، نامانەوێت یاخی بین ئەوەی کەڕێگەی لەو یاخیبوون و ڕشۆڕش بەرپاکردنە گرتووە بەشێکی خۆی لەویستی تاکی کوردیدا

دەبینێتەوە، بەشێکی تری لەویستی دەسەلأتی کوردی ئەبینێتەوە. کە هەردووکیان بەیەك ئاراستە هاوکێشەو بەیەکداچوونێکی ئالۆزیان پێکهێناوەو ناتوانیت هەروا بەئاسانیی تەلیسمەکانی لەیەکجیابکەیتەوە...

**وەلأمی. پ 6:** ئێمە درۆ لەگەڵ خۆماندا دەکەین ئەگەربڵێین وەلا بەم دەستورە هەموو وەزعەکان ئەگۆڕێت و ئەم دەستورە دەبێتە وەرچەرخانێك بۆسرِینەوەی پێشێلکاریی و ناهەقییەکانی دوێنێ. لەبەرئەوەی ئەوەی کەدوێنێ بۆئەمڕۆی گەیاند و بۆتە کێشە و گرفت، لەخۆڕانەبوە. من ئەڵێم هەق وابوو کورد بەر لەدەستور کێشەی بێکارەبایی، بێ نەوت و بێ غاز و بێکار و کۆچی بەلێشاوی گەنج و مەلەفی گەندەڵیی چارەسەربکردایەو ئەو مەهامەشی لەخۆخەریککردنی بەدەستور باشتربوو... کاتێك کەئەمانە بکرایە ئەوکات بەزەوقوشەوقێکی ترەوە باسمان لەدەستور دەکرد. هەتا دەسەلأتی کوردی نەبێتە دەسەلأتێکی خزمەتگوزار هەرباسێك لەودەسەلأتەوە بێت باسێکی سواو و کۆنە. جا باشتروایە بپرسین کە سیاسییەکانمان بەئەقڵی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو سیاسەت بکەن و بەسەردەمی بەعس زیندانیان هەبێت و بەرِەفتاری کۆنەپەرستانە لەگەڵ تاکدا مامەڵەبکەن و بەم دەستورە چی لەوەزعەکان ئەگۆڕێت؟ دەستور هەمووشتێك نییە دەستور بەشێکە لە هەموو.

**تێبینی ئەم تەوەرەیە لەرِۆژنامەی هاولأتی بلأوکراوەتەوە**